# لێرەو لەوێ

ئامادە کردنی: دلۆڤان

## بەرهەمێکی نوێی(سامسونگ)



ئامێری مۆبایلی(سامسونگ کاتالیستی) نوێ کە ژمارەی مۆدیلەکەی(SGH- t 739)کۆمپانیای سامسونگ-ئەمریکا و تی مۆبایل(Mobile.T)بەرهەمیان هێناوە، ئەم ئامێرە بە شێوەیەکی سەردەمیانە بەرهەم هێنراوە و پاڵپشتی لە سیستەمی(Home5m@Spot Hot) دەکات کە سەربە کۆمپانیای تی مۆبایلە.

ئەم ئامێرە خزمەتگوزاری پەیوەندیکردن لە ڕێگای سیستەمیFi-Wiبۆ خاوەنەکانی دەستەبەر دەکات.

هەروەها ئەم ئامێرە توانای هەیە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە تۆڕی تی مۆبایل بگوازێتەوە تۆڕەکانی Wi – Fi .

ئەم ئامێرە نوێیە لەگەڵ تەقەنیەی Wi – Fi دەگونجێت و توانای نامەناردنی خێرا و یەکسەری هەیە و لە ڕێگای پێگەی AOL،ICQ، یاهو، لایف ماسنجر چاتکردن ونامە ناردن ئەنجام دەدات.

ئەمە و سەرەڕای ئەوەی کامیراکەی 3/1 مێگابیکسلە و بە شێوەیەکی جوان دروستکراوە.

سەرچاوە :

گۆڤاری(الاتصالات و العالم الرقمی)

## شیتەڵکردنی نەخۆشی بەهۆی ئامێری مۆبایل



زانایان لە پەیمانگەی زیندەوەرزانی لە کۆریا توانیان ئامێرێکی هەستداری تەندروستی تایبەت بە نەخۆشیەکانی جەرگ بەرهەم بهێنێت، ئەم ئامێرە بە ئامێری مۆبایل دەبەسترێتەوە بۆ ئەنجامدانی کرداری پشکنین لەسەر جەرگی خاوەن مۆبایلەکە.

ئەم ئامێرە هەستدارە هەڵدەستێت بە شیتەڵکردنی دوو ئەنزیمی تایبەت بە جەرگ لەناو خوێن، دوای ئەم کردارە بە هۆی مۆبایلەکە، ئەنجامی شیتەڵکردنەکە ڕاستەوخۆ بۆ پزیشکی سەرپەرشتیار یان بۆ نەخۆشخانەی تایبەت بە کەسەکە دەنێردرێت.

دوای وەرگرتنی ئەنجامی شیتەڵکردنەکە، پزیشکی تایبەت پەیوەندی بە کەسەکە دەکات و ڕێنمایی گونجاوی پێ دەڵێن.

زانایان لە پەیمانگای زیندەوەرزانی وا چاوەڕوان دەکەن، ئەم ئامێرە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە کۆریا و هەموو جیهان بڵاوبێتەوە.

سەرچاوە :

گۆڤاری(الاتصالات و العالم الرقمی)

# چەند ڕێنماییەک بۆ بەکارهێنەرانی مۆبایل



زۆر جار گوێبیستی ئەوە دەبین کە بە هۆی بڵاوبوونەوەی وێنە یا ڤیدیۆی تایبەتی کەسێک، خاوەنەکەی تووشی کێشە بووەتەوە، و زۆربەی ئەمانە دەڵێن بوونەتە قوربانی ئەو کەسە نەفس نزمانە کە خیانەتیان لە کارەکەی خۆیان کردووە و لە کاتی سیانە کردنی مۆبایلەکانیان، نهێنییەکانیان بڵاو بووەتەوە و یا خود بە هۆی بلوتوسەوە بڵاوبووەتەوە بۆیە بە پێویستیمان زانی چەند چەند ڕێنماییەک بخەینە ڕوو بۆ ئەوەی پێش لەو هۆکارانە بگرین کە دەبنە هۆی بڵاو بوونەوەی وێنە یا خود ڤیدیۆی تایبەتی.

– ئەو مۆبایلانەی کە مێمۆرییان هەیە، دەبێ وا ڕێک بخرێت کە هەموو فایلەکانی دەنگ و ڕەنگ لە سەر میموورییەکەی خەزن بکرێت و لەکاتی بردن بۆ لای وەستا دەبێ میمۆرییەکە دەربهێنرێت.

– لە کاتی فرۆشتنی مۆبایل، میمۆرییەکە نەدەن بە کڕیار. چونکە هەندێ هەن کە فایلە ڕەشکراوەکان دەگەڕێننەوە و ئەمەش ڕێگایەکە بۆ بڵاو بوونەوەی فایلە تایبەتییەکان.

– بە هیچ شێوەیەک لە شوێنە قەرەباڵغەکان بلوتوسی مۆبایلەکەتان مەکەنەوە. چونکە دەنگۆی ئەوە هەیە هەندێ پرۆگرام هەیە دەتوانێ بە هۆی بلوتوسەوە مۆبایلەکات هاک بکات (دزە بکاتە ناو مۆبایلەکەت).

– باشترین ڕێگا بۆ گواستنەوەی فایلەکان لە ڕێگای کێبلە (بە تایبەتی بۆ کۆمپیوتەر)، ئەگەر نا لە ڕێگای تیشکی IR فایلەکان بگوازنەوە. تیشکی IR تا مەودایکی کەم دەڕوات و ئەمە باشترین شێوازی سیکوریتییە.

– لە دوای تەواو بوونی کارەکانمان بە بلوتوس و تیشکی IR دەبێ دایانبخەین و نابێ بە کراوەیی بە جێی بهێڵین و ئەوانەی کە هێدفۆن لە ڕێگای بلوتوس بەکار دەهێنن دەبێ بلوتوسەکە بشارنەوە.

– ئەوانەی کە موزاحیمی تەلەفۆنیان هەیە دەتوانن لە خزمەتگوزاری block list کەڵک وەربگرن وئەگەر ئەم بەرنامەیەش لە ناو مۆبایلەکە دانەبوو ئەوە دەبێ لە ئینتەرنێت دایبەزێنن و یا لە هاوڕێیەکت وەربگری.

– زۆر جار کێشەکە لەوە دروست بووە کە مۆبایلەکەت دراوەتە کەسێک کە داوای کردووە بەڵام دواتر ئەو کەسەی کە تەلەفۆنی بۆ کراوە، گرفت بۆ خاوەن مۆبایلەکە دروست دەکات، بۆیە دەبێ فێری دوو شت بین یەکەمیان زۆر جار پێویستە بڵێین «نا» و دووەمیان مۆبایل شتێکی تایبەتییە و نابێ بدرێتە دەست کەس.

# ئەم ماڵپەڕانە بناسە

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی: http://www.kurdistan-molsa.com/




وەزارەتی پەروەردە:- http://www.kurdistanmoe.org/




وەزارەتی تەندروستی:- http://www.moh-krg.org/




وەزارەتی ژینگە http://www.zhenga.net/




وەزارەتی کارەبا http://www.krgelectric.org/

